لە هەولێر کارکردن لە دروستکردنی نەخۆشخانەی 150 قەرەوێڵەیی تایبەت بە شێرپەنجە بەردەوامە

لە هەولێر کارکردن لە پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی 150 قەرەوێڵەیی تایبەت بە شێرپەنجە بەردەوامە.

کارکردن لە پڕۆژەی گەورەترین نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجە لە شاری هەولێر، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوامە.

پێشتر پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاندبوو، نەخۆشخانەکە لە 150 تەختی خەواندن و 100 تەختی چارەسەری کیمیایی پێک دێت و تاقیگەیەکی پێشکەوتوو لەخۆ دەگرێت، سەرجەم ئامێرە پێشکەوتووەکانی چارەسەری نەخۆشییەکە لەخۆ دەگرێت.

پرۆژەی نەخۆشخانەی شێرپەنجە، لەسەر ڕووبەری 30 هەزار مەتر چوارگۆشە دروست دەکرێت و لە پێنج نهۆم پێک دێت، بەوەش دەبێتە گەورەترین نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجە لە هەموو هەرێمی کوردستان و عێراق.